## ڕاگەیاندنی کۆمیتەی کەرکوك سەبارەت بە
## گۆرینی ناوی گەرەکی "ئەسراو مەفقودین" بۆ گەرەکی هاوپشتی








**رۆژی 2ی تەموز ی 2004 ناوەندی بەریوەبردنی خەلکی گەرەکی هاوپیشتی بە ئامادەبونی بەرپرسی ناوەندەکە حمد عەزیزو ئەندامانی بالای ناوەندەکەو ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی گەرەکی "هاوپشتی" کە پێشوتر ناوی گەرەکی "ئەسراو مەفقودین" بوو، لەوحەی ناوی گەرەکی "هاوپشتی"دانرا لەسەر سەرەتای شەقامی سەرەکی گەرەکەکە. خەلکی گەرەك خۆیان بە هوتاف کێشانو چەپلەو لە کەشوهەواویەکی خۆشیو شادیدا، پایەکانی لەوحەکەیان هەلکەندو ناوی گەرەکی تازەیان لە زەوی قایم کرد، خەڵکی دەروبەرو ئوتومبیلێکی زۆر لەسەر**

**شەقامەکەوە دەوەستان‌و دەیان روانیە، ئەو کەشو هەوایە کە هەرچی زیاتر ئەم گۆرینی ناوەی کردە بۆنەیەکی گەورەترو فراوانتر. لەم ئاهەنگە دا شیرینی بەسەر ئامادەبواندا دابەشکرا. بەرپرسی سکرتیری کۆمیتەی کەرکوك رەمەزان صابرو سکرتیری یەکیتی بیکاران لقی کەرکوك  هەیسەم عەلی ئامادەی ئەم ئاهەنگە بوو**

**شابانی باسە ئامازەی پیْ بکریت کە گۆرینی ناوی ئەسراو مەفقودین بۆ هاوپشتی لە کۆبونەوەیەکی خەلکی ئەم گەرەکەدا بریاری لەسەردرا.**